# چەند پەیامێک

# بۆ ئەوانەی دەیانەوێ

# هاوسەرگیری بکەن

وەرگێڕانی
ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba٨.org - walamakan.com

## بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

الحَمد لله، والصَّلاةُ والسَّلامُ على رسولِ اللهِ، أمَّا بَعدُ:

**هەموومان دڵخۆش ئەبین بە هاوسەرگیری نێوان کوڕان و کچان** ، وە هیوای تەوفیق و بەختەوەرییان بۆ ئەخوازین ، بەڵام پێویستە ژن و پیاو بزانن کە هاوسەرگیری پێویستی بە ئەتەکییەت و شارەزایی و گوێگرتن لە وتار و ڕاوێژ کردنی شارەزایان هەیە ، تاکو هەندێک ڕێنمایی گرنگیان بۆ ڕوون ببێتەوە کە ژیانیان ڕۆشن بکاتەوە ، بە تایبەت لە ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری کە بە هەموو شێوەیەک ژیانێکی نوێیە بۆ هەردووکیان .

**زۆریش ئەبیستین کە کێشەکان لە ساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتی ڕوو دەدەن** ، بەڵام کەمن ئەوانەی کە ئەزانن

چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کێشانە بکەن بەهۆی کەم شارەزایی و لاوازی لە زانیاری و ڕاوێژ نەکردن ، ئەوەش دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ناکۆکی و کێشەکان و بێسەروبەری ، لەوانەشە بگات بە تەڵاق لە ساڵی یەکەمدا .

**بۆیە ئەم نامیلکە پوختە بریتی یە لە چەند پەیامێک بۆ ئەوانەی دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن** ، و پاشان هەندێ ئاگاداری لە پێش و پاشی بەستنی گرێبەستی زەواج ، پاشانیش چەند ڕێنماییەک بۆ هاوسەران لە ساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتییاندا .

داواکارم لە خوای گەورە ئەم نامیلکەیە سودبەخش بکات بۆ گەنجەکانمان.

❁❁❁

## بەشی یەکەم : کۆمەڵە پەیامێک بۆ گەنجان لە سەرەتایی دەستنیشان کردنی ئافرەتدا :

١- **کچێکی باش هەڵبژێرە** ، چونکە پاڵپشتت دەبێت لە ئاین و دینداریدا ، وە ئامۆژگاری پەیامبەری خوایە ﷺ کە ئافرەتی دیندار دەستنیشان بکەین وەکو فەرموویەتی: ( فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ) رواه البخاري .

٢- **بیرکردنەوە لە ئافرەتێکی جوان بێگومان خوازراوە** ، بەڵام نابێت لایەنی دینی و ڕەوشت و ئەخلاق پشتگوێ بخەی .

٣- **زۆر گرنگە زانیارییەکان کۆ بکەیتەوە سەبارەت بە خوڕەشت و پاکێتی ئافرەتەکە** ، وە هەروەها پاکێتی بیروباوەڕی ئافرەتەکە ، وە ناوبانگی بنەماڵەکەی ، وە گشت ئەوانەش کاریگەری ئەرێنییان دەبێت لەسەر ژیانی ئەو گەنجە کە لەگەڵ ئافرەتەکە دەیباتە سەر .

**٤- ئەگەر دەستت کرد بە بابەتەکانی دەستنیشان کردنی ئافرەتێک ئەوا سوور بە لەسەر سەیرکردنێکی شەرعی** ، چونکە هاوکارت دەبێت لەسەر قایل بوونی ناخت بۆ پەسەند کردنی ئافرەتەکە ، وە ئەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون زۆرن ، لەوانەش : (( موغیرە

ئافرەتێکی دەستنیشان کرد ، پەیامبەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : " سەیری بکە چونکە بەهۆی سەیرکردنەکەوە خۆشەویستی دەخاتە نێوانتانەوە )) .

**٥- ئەگەر دڵت چووە سەر ئافرەتەکە لە پاش سەیرکردن و ناخت پەسەندی کرد** ، هیچ پەلە مەکە لە دەربڕینی پەسەندکردنەکەت لە ماڵی باوکی ئافرەتەکە ، پێیان بڵێ ئەم بابەتە هەندێک بیرکردنەوەی ئەوێ ، چونکە هەندێک لە پاش سەیرکردن یەکسەر قایل ئەبێت و دواتر توشی پەشیمانی ئەبێت .

**٦- ئیستیخارەی پەروەردگارت بکە لە پاش سەیرکردن و لە پێش ئەنجامدانی گرێبەست .**

٧- ئەگەر هەستت بەوە کرد ناخت ئافرەتەکە پەسەند دەکات و ئیستیخارەت کرد ئەوا پشت بە خوا ببەستە و هەواڵیان پێ بدە بە قایل بوون .

٨- **ئەگەر ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی کاتی گرێبەستەکە ئەوا زیرەک بەو بزانە مەرجەکانی ماڵی ئافرەتەکە چین** ، تاکو لە کاتی گرێبەستەکە توشی حەپەسان و سەرسوڕمان نەبی ، بەوەش شەرم بتگرێ و لەسەر ئەو مەرجانە ڕازی بیت ، دواتر نەتوانی مەرجەکانیان بەدی بهێنیت وەکو بە مەرج دانانی کۆمەڵە شتێک کە شتی پێشتر نەبووە ،

وەکو :

ـ هێنانی خزمەتکار بۆ ئافرەتەکە تاکو کاری ناوماڵی بۆ بکات .

ـ یان کڕینی سەیارە بۆ ئافرەتەکە .

جا کاتێک لەسەر ئەو مەرجانە قایل ئەبیت بەهۆی شەرمەوە دواتر دەبینی لە کێشەیەکی دارایی گەورە دای ، چونکە بەهۆی ئەو دوو مەرجەوە زۆر ئەکەوێ لەسەرت ، لەکاتێکدا تۆ لە بارودۆخێکی دارایی قورس دای وەکو حاڵ و گوزەرانی زۆربەی گەنجان وایە لە سەرەتایی هاوسەرگیریدا .

٩- **هەندێک ماڵ بڕێک ئاڵتون ئەکەنە مەرجی پاشەکی** ، بۆیە پێویستە تۆ ئەمە بزانیت و لەگەڵ ماڵەوەتان دابنیشیت و ڕاوێژیان پێ بکەیت ، چونکە گەر بەو مەرجە قایل بیت ، تەنانەت گەر بەهۆی شەرمیشەوە بێت ئەوا گەر تەڵاق ڕوو بدات پێویستە تۆ ئەو ئاڵتونانەی بۆ بکەیتەوە ، ئەوەش ماندووت ئەکات .

١٠- **چارەسەری ئەو شتانەش بریتییە لە** ڕێکەوتن لەسەر مەرجەکان لە پێش دانیشتن بۆ بەستنی گرێبەستەکە ، جا ئەگەر زانیت مەرجەکانت پێ جێبەجێ ئەکرێ ئەوا باش ، ئەگەر نا ئەوا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ماڵەدا ئەنجام مەدە ، خوای گەورەش لەوە باشترت بە نسیب ئەکات .

١١- **پاش مارەبڕین ئاگاداری داخوازییەکانی کچەکە و بنەماڵەکەی بە** ، چونکە هەندێ ئافرەت پیاو ماندوو ئەکات بە داواکرییە داراییەکانی ، وەکو کڕینی مۆبایلی گرانبەها ، کڕینی دیاری بەبەردەوامی ، دیاری بۆ دایکی کچەکە و شتی تریش ، چارەسەریش ئەوەیە کە میانڕەو بیت لە نێوان قایل بوون بە گشت داخوازییەکان و بیانو هێنانەو بۆ داخوازییەکانیان .

١٢- **پێویستە زانیاریی تەواو هەبێت لە بابەتەکانی ژن و مێردیدا** ، بە گوێگرتن لە وتار و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە سودت پێ دەگەیەنن لە تێگەشتن لە سروشتی ئافرەتان ، وە ئەو شتانەی باسی هۆکارەکانی سەرکەوتووی خێزان و ئەم جۆرە بابەتانە ئەکەن .

١٣- **بەڵێنی زۆر مەدە بە خێزانەکەت لە ماوەی دەزگیرانداریێتیدا** ، چونکە تواناکانت سنوردارن لە بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنانە ، وە ڕاستبین و دانا بە لەگشت کاتێکدا بەرامبەر خێزانت .

١٤- **لە شەوی گواستنەوەدا** : وریابە نەچیتە هۆڵی ئافرەتان بە بیانوی چوونە لای خێزانت بۆ ئەڵقە لە دەست کردن و شیرینی خواردن لەگەڵیان و ڤیدیۆش بگیرێن وەکو چۆن خەڵکانێک ئەیکەن ، چونکە چوونت بۆ هۆڵی ئافرەتان دروست نییە لە ڕووی شەرعەوە .

١٥- **له مانگی هەنگوینیدا زۆر نەرم و نییان و چاک به لەگەڵ خێزانت** ، وه دانا به له هەڵوێست و قسەکانتدا ، وه هەر تێبینییەکەت له خێزانت به دی کرد ئەوا توند و زبر مەبه له ئامۆژگارییەکانت بۆی .

١٦- **ئەگەر گەشتی مانگی هەنگوینیتان کرد** وریابه خێزانەکەت بۆ کاتێکی زۆر به تەنیا له ئۆتێلەکه بەجێ نەهێڵیتەوه .

❁❁❁

## بەشی دووەم : کۆمەڵە پەیامێک بۆ ئافرەتان لەسەرەتایی دەستنیشان کردنی هاوسەردا :

١- **بزانە کە هاوسەرگیری بڕیارێکی گەورەیە پێویستی بە هێوری و ڕاوێژ و ئیستیخارەیە** پێش قایل بوون بەو کەسەی کە هاتۆتە داوات .

٢- **لەوەیە دایکت یان باوکت ناچارت بکەن کە شوو بکەیت بەو کەسەی هاتۆتە خوازبێنیت** ، بۆیە وریای شەرم و خاترانە بە لەم بابەتە چونکە سۆز و عاتیفە لەم بڕیارەدا هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ، چەندان کچ لەبەر خاتری دایک و باوکی شویان کردووە و دواتر توشی پەشیمانی هاتوون و دوای چەند ڕۆژێک داوای تەڵاقیان کردووە .

٣- **داوا بکە لە باوک و براکانت زانیاری تەواو لەسەر ئەو کوڕەی هاتۆتە داوات کۆ بکەنەوە** ، نەک بەوە بوەستن کە خزمە .

٤- **لە زانیارییە گرنگەکانیش** : کە پێویستە پرسیاری سەبارەت بکرێت نوێژ و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ خێزانەکەی ، وە باشێتی بیروباوەڕی ، وە دووریێتی لە حەرامکراوە گەورەکانی وەکو مادە هۆشبەرەکان و مەی و پەیوەندییە ناشەرعییەکان ، گشت ئەم زانیارییانە بە سانایی بەدەست دەگات لە پاش پرسیار و لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان .

٥- **هەندێک خەڵک وا ئەزانن کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر داخوازیکار شتێکی گرنگ نییە** ، بەبیانوی ئەوەی ئافرەت کە چووە ماڵی خۆی شارەزای سروشتی پیاوەکەی ئەبێت و ئیتر ژیان دەچێتە ڕێوە هەرچەند قورسیش بێت ، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە ، چونکە ئافرەت هیچ ناچار نییە قایل بێت بە کەسێکی نەناسراو کە هیچ دەربارەی نەزانرێت .

٦- **ئەگەر بۆت دەرکەوت کە کوڕەکە گونجاوە بۆت لە پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان** ، ئەوا لە پێش سەیرکردنی شەرعی ئیستیخاری خوای گەورە بکە بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵی .

٧- **له پاش سەیرکردنی شەرعی ، پەله مەکه له وەڵامدانەوە** ، بۆ ماوەی هەفتەیەک بیری لێ بکەرەوە ، پاشان بۆچوونی کۆتاییت بڵێ .

٨- **له پێش گرێبەست و مارەبڕین** ، ڕاوێژ بە خێزانەکەت بکە لە دانانی مەرجی گونجاو بۆ گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە ، بەڵام وریابە مەرجی قورس دانەنێی کە ببێتە هۆی پەشیمان بوونەوەی کوڕەکە ، بەوەش کوڕە گونجاوەکەت لەدەست دەرئەچێ .

٩- **ئەگەر گرێبەستەکە بە جوانی و باشی بەڕێوە چوو ئەوا سوپاسی خوا بکە کە بۆی ئاسان کردی** ، وە داوا لە خوای پەروەردگار بکە کە هۆکارەکانی سەرکەوتنی هاوسەرگیرییەکەتان بۆ ئاسان بکات .

## ١٠- ماوەی نێوان پاش مارەبڕین و پێش شەوی گواستنەوە چەند ئامۆژگارییەک هەیە :

١. **هەوڵ بدە** ئاشنای مێردەکەت بیت بە شێوازێکی دانایانە لە ڕێگەی نامە و تەلەفۆنەوە .

٢. **وریابە وێنەی خۆتی بۆ نەنێری** کە لە دۆخێکی نەگونجاوی دا بیت ، چونکە لەوەیە تاکێکی خێزانەکەی وێنەکەت ببینت ، یان هاوڕێیەکی ، لەوەشە پێش گواستنەوەت ناکۆک بن و جیا ببنەوە ، بەوەش توشی پەشیمانی دەبیت چونکە وێنەی نەگونجاوی تۆی بینیوە.

٣. **هاوسەرەکەت ماندوو مەکە بە داخوازییە داراییەکان** ، چونکە ئەو سەرقاڵی کۆکردنەوەی داراییە بۆ فەراهەم کردنی شایی گواستنەوە و مانگی هەنگوینی و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون .

٤. **ئەو دەست گرتنەت بە خۆتەوە** مێردەکەت هەستی پێ دەکات و بەو هۆیەشەوە خۆشەویستی و پەیوەست بوونی بۆت زیاتر ئەبێت ، چونکە بە دانا و ژیر تەماشات ئەکات لەسەرەتای ژیانی هاوسەرێتیتان .

٥. **بەسۆز و میهرەبان بە لەگەڵ مێردەکەت** ، پێی بڵێ خۆشت ئەوێ ، پێی بڵێ تۆ پیاوێکی گونجاوی بۆی ، وە جگە لەوانەش قسەی گونجاوی تر کە دڵی پڕ ئەبێت لە ئەوینی تۆ ، وە دڵخۆش ئەبێت بە تۆوە .

٦. **هەندێک لە کچان لە پاش گرێبەستی هاوسەرگیری ئاهەنگی گەورە ساز دەکەن** کە تێچووەکەی زۆرە لەسەر کوڕەکە ، ئەمەش هەڵەیە ، بەڵکو باشتر وایە ئاهەنگەکە کورت بێت و بە مەرجە شەرعییەکان بێت کە دوور بێت لە تاوان و خراپە و تێکەڵاوی و گۆرانی و مۆسیقا و ....

٧. **کاتێک شوێنێک دابین ئەکەن بۆ ئاهەنگی گواستنەوەکەت** هاوکاری مێردەکەت بە بەوەی زۆر خەرجی لەسەری نەکەوێت و دوور بێت لە کاری ناشەرعی .

٨. **لاسایی کچانی تر مەکەرەوە لە دەستنیشان کردنی شوێنی ئاهەنگەکەت** ، وە بارودۆخی دارایی مێردەکەت و کلتوری کۆمەڵگە و خێزانەکەت لەبەرچاو بگرە ، وە بزانە لاسایی کردنەوەی گشت شتێکی نوێ و تازە هاتوو لە داناییەوە نییە ، وە زێدەڕەوی کردن لە تێچووی ئاهەنگی گواستنەوە زیانی لە قازانجی زیاترە ، چونکە مێردەکەت لەوەیە قەرزێکی زۆری کردبێت و دواتر دەبێت بیداتەوە لەوەیە نیوەی موچەکەی بە قەرزدانەوە خەرج بکات ، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەختەوەری سەرەتای دەستپێکی ژیانی هاوسەریتان دەبێت .

٩. **لەکاتی گەشت کردندا وریای حیجابەکەت بە و بیپارێزە** ، وە ترسی خوات هەبێت لە هەڵس و کەوتەکانتدا .

١٠. **هەندێک لە ئافرەتان داوا لە مێردەکانیان دەکەن لە ماوەی گەشتەکانیاندا دیاری بۆ ماڵی باوکی بکڕن** ، ئەمە ئاساییە بەڵام لە ئاستێکی مەعقوڵ دا بێت و تێچووی زۆر نەبێت .

❁❁❁

## بەشی سێیەم : کۆمەڵە پەیامێک بۆ هاوسەران بۆ ساڵی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتییان :

١- **تێگەشتوو بن سەبارەت بە ژیانی هاوسەرێتی**، ئەمەش بە خوێندنەوەی کتێب و گوێگرتن لە وتارەکان کە فێری شێوازی هەڵسوکەوت کردنتان ئەکات بەرامبەر بە یەکتر ، وە بشزانن کۆمەڵێک شێوازی هونەری هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان ، بۆیە دەبێت فێری ببن ئەمەش بە خۆ شارەزا کردن ، چونکە کێشە هەر دێتە ڕێتان ، خۆ گەر زانیاری باشتان پێ نەبێت ئەو کات بەپەلە هانا بۆ تەڵاق ئەبەن ، جا سەیریش ئەوەیە کە بەو گەنجانە ئەڵێی شتێک بخوێننەوە سەبارەت بە ژیانی هاوسەرگیری سەریان دەسوڕمێ چونکە وا ئەزانن هەموو شتێک ئەزانن ! .

٢- **ئارامگرتن و چاوپۆشی کردن لە هەڵەکان** :

چونکە ئافرەت و پیاویش عەیبە و نوقسانیان تێدایە ، ئەمەش بە چەند ڕۆژ و مانگێک بەدەر ئەکەوێ ، لەمەدا دەبێت سەیری لایەنە باش و ئەرێنییەکانی یەکتر بکرێت نەک هەڵەکان ئیلا مەگەر هەڵەی گەورە نەبێت .

٣- **ڕوونی و ئاشکرایی بە شێوازێکی دانایی لە نێوان ژن و پیاودا** ، بۆ نمونە وەکو ئەوەی پیاوەکە بە ژنەکەی بڵێ داهاتم سنورداره تاکو داوای شتی گران و زۆری لێ نەکات و ئەمیش نەتوانێت بۆی فەراهەم بکات

**ئافرەتەکەش دەبێت ڕوون و ڕەوان بێت لەبەرامبەر مێردەکەی لەو شتانەی حەزی لێیەتی یان**

**ڕقی لێ دەبێتەوە** ، تاکو پیاوەکەی واز لەو شتانە بێنێت ، وەکو ئەوەی بە پیاوەکەی بڵێ جگەرە مەکێشە یان تا درەنگانی شەو لە دەرەوە مەمێنەوە چونکە ناڕەحەتم ئەکات .

٤- **ئەدا کردنی مافە شەرعییەکان و ژیانی هاوسەرێتی بەرامبەر بە یەکتر** : ئەمەش بە زانینی ئەو مافانەی کە لەسەر شانی یەکترن بەرامبەر بە یەکتری ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ **وَلَهُنَّ مِثلُ الَّذِي عَلَيهِنَّ بِالمَعرُوفِ** ﴾ واتە : وەکو چۆن پیاوان مافیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە بەهەمان شێوەش ئافرەتانیش مافیان بەسەر پیاوانەوە هەیە.

چونکە نەزانینی ئەو مافانە یان لوتبەرزی لە ئاست ئەداکردنی ئەو مافانە پەیوەندییەکە بەرەو هەڵدێر دەبات بەتایبەت لەساڵی یەکەمی هاوسەرگیریدا .

٥- **بە ئافرەتەکە ئەڵێم** : ژیانی خۆت بەراورد مەکە بە ژیانی خوشکەکانت یان هاوڕێکانت ، لەسەر واقعی ژیانی هاوسەرکەت بژی کە پێی قایل بووی ، هاوسەرەکەت ماندوو مەکە لە ڕووە داراییەکەوە .

٦- **پێویستە هەردوولا قەبوڵی یەکتر بکەن بەو شێوازەی کە هەن** ، بەڵام بە تێکۆشانی نەفسیان بۆ چاک کردنی هەڵەکانیان تاکو باشتر بن لە ڕووی خۆشەویستی و ڕەوشتەوە .

٧- **متمانە بچێنە لە نێوانتاندا** ، ئەمەش بە ڕێزگرتن لەیەکتر و هەوڵدان بۆ خزمەتی کردنی یەکتر ، وە وریابوون لەوەی شتێک لە گومان بخەنە دڵی یەکترەوە و متمانە لاواز بکەن .

٨- **نهێنییەکانت لای خەڵکی باس مەکەن** ، وە شتە تایبەتییەکانتان زۆر باس مەکەن ، وە پێویستییەکانتان جێبەجێ بکەن بە بێدەنگی ، چونکە خەڵکانێک هەن لە کەمیندان یان ئیرەییتان پێ دەبەن لەوەیە خۆیان هەڵقورتێننە نێو بابەتەکەتانەوە و لێتان تێکی بدەن .

٩- **زۆر پرس و ڕاوێژ بە خەڵکی مەکەن لەکاتی کێشە بچوکەکانتان** مەگەر بۆ کێشەی گەورە نەبێت ، بۆ نمونە وەکو دەرچوونی ئافرەت بەبێ پرسی مێردەکەی یان لەبەر نەکردنی پۆشاکی شەرعی لەمانە ڕاوێژ بە ماڵی ئافرەتەکە ئەکرێت ئەگەر بە گوێی مێردەکەی نەکرد .

**هەروەها ئافرەتەکەش پێی ئەڵێین** : زۆر پرس و ڕاوێژ بە ماڵی باوکت مەکە لە گشت هەڵوێستێکت لەگەڵ مێردەکەت ، بەڵام کە بینیت مێردەکەت نوێژ ناکات یان پەیوەندی ناشەرعی هەیە ، یان هەر تاوانێکی تری هاوشێوە ئەوا لەمەدا ڕاوێژ بە کەسێکی دانای ناو خێزانەکەت بکە ئەگەر مێردەکەت گوێی بە ئامۆژگارییەکانت نەدا .

جا گرنگە بزانی کە هەموو کەسێک شایەنی ڕاوێژ پێ کردن نییە تەنانەت لەناو ماڵی باوکیشت ، چونکە کێشە خێزانییەکان پێویستە کەسێکی دانا چارەسەری بکات ، جا لەوەیە باوکت یان براکەت سەر لەم شتانە دەر نەکەن .

**چەندان گەنج هەبووە** پرس و ڕاوێژی بە کەسێکی نزیکی خۆی کردووە ئەویش پێی وتووە : دە تەڵاقی بدە هەر کچ زۆرە ! .

**وە چەندان ئافرەتیش هەبووە** پرس و ڕاوێژی بە دایکی کردووە سەبارەت بە کێشەکانی لەگەڵ مێردەکەی کەچی دایکی لە هەموو کەسێک سورتر بووە بۆ تەڵاق دانی کچەکەی ! .

١٠- **چەندە جوانە گەر هەردووکتان لەناو نوێژەکانتاندا دوعا بکەن بۆ یەکتر** و داوا لە خوا بکەن بتان پارێزێت و مۆفەقەتان بکات و خۆشەویستییەکەتان پارێزراو بکات.

١١- **هەرگیز بیر لە بڕیاری تەڵاق مەکەرەوە** ، چونکە لە پاش ساڵی یەکەم و دووەمتان عەقڵتان پێدەگات و گەورەتر ئەبێت ، وە باشتر لەیەکتر تێدەگەن و خۆشەویستی نێوانیشتان زیاد دەکات .

١٢- **هەندێ خەڵک پێشنیاری ئەوەتان بۆ ئەکەن کە لە سەرەتادا مناڵتان نەبێت** ، ئەمەش چەند سودێکی تیایە :

**لەوانە :**

ـ بێخەمی لە کێشە و ئازارەکانی دووگیانی لە سەرەتای هاوسەرگیرییدا .

ـ لەوەیە لە پاش هاوسەرگیرییەکە لایەنێکیان بە شێوازێکی نەشیاو دەرکەوێت ، بۆنموونە کەسێکی لاڕێ بێت یان ڕەوشتی خراپ بێت ، یان نوێژ نەکەر بێت ، یان بکەری تاوانە گەورەکان بێت ، ئا لێرەدا باشتر وایە بڕیاری تەڵاق بدرێ گەر ئامۆژگاری سوودی نەبوو ، لەم بارودۆخەشدا کێشەی دووگیانی بوونی نییە ، چونکە تەڵاق لەم بارودۆخەدا ئاسانترە وەک لەوەی دووگیان بێت یان مناڵی هەبێت .

١٣ـ **دوور بە لە تەسویر کردنی ژیانی تایبەتیتان و بڵاو کردنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان** ، وەکو تەسویری دیاری مێردەکەت یان گەشتەکانتان یان چونتان بۆ چێشتخانەکان ، چونکە خەڵکانێک هەن هاوسەرگیری یان نەکردووە ، هەیە مێردەکەی لەگەڵ خۆی نایبات ، لێرەشدا حەسودی و ئیرەیی ڕوو دەدات جا ئەشێ توشی کێشەی گەورە ببن .

١٤- **بە ئافرەتان ئەڵێم** : گرنگی بە مێردەکەت بدە ، با مۆبایل و تەلەفۆن کردن بۆ ماڵی باوکت سەرقاڵت نەکات لەوەی خۆت بۆ مێردەکەت بڕازێنیتەوە و خزمەتی بکەیت .

١٥- **پێویستە زمانی گفتوگۆی نێوانتان زۆر پاراو بێت** ، چونکە لە ساڵی یەکەمتان هەر یەکێکتان بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ لەسەر ڕووداوەکانی ژیان ، جا لەوەیە تێڕوانینەکانتان جیاواز بێت ئەمەش سروشتییە ، بۆیە نابێت پیاوەکە خێزانەکەی ناچار بکات بە گۆڕینی بۆچوونەکانی بەبیانوی ئەوەی پیاوە ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە .

١٦- **لەوەیە شوێنی کارەکەت لە شارێکی تر بێت ، بەوەش خێزانەکەت بە تەنیا دەمێنێتەوە لە ماڵەوە** بەوەش هەست بە تەنیایی دەکات بەتایبەت گەر دووریش بێت لە ماڵە باوکی ، بۆیە دەبێت زیرەک بیت و کەشێکی سۆزدارانەی بۆ دروست بکەیت ، وە ناشبێت

زۆر لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانت سەرقاڵ بیت و خێزانەکەت بەتەنیا جێ بهێڵی ، بۆیە ئەگەر کاتەکانت ڕێک بخەیت ئەوا سەرکەوتن بەدەست دێنیت .

١٧- **لەوەیە هاوسەرەکەت لە کەشێکی توندی نێو خێزانەکەی پەروەردە بووبێت** ، ئەمەش لێی بەدی دەکەیت لە کاتی هەڵسوکەوت کردنت لەگەڵیدا ، بۆیە دەبێت لەو سروشتەی تێبگەیت و خۆڕاگر بیت و ئارام بگری لەسەری تاکو لەسەر ژیانی خێزانداری و سۆزداری و بەزەیی ڕادێت کە ئاواتی هەموو کچێکە .

١٨- **پێویستە گەشە بدەیت بە متمانە بە خۆبوونی خۆت لە بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانداری چ وەک پیاو ، چ وەکو ئافرەتیش** ، چونکە دەرچوون لە ژیانی سەڵتی و چوونە ناو ژیانی خێزاندارییەوە گۆڕانکاری گەورە ڕوو دەدات بەتایبەت هەست کردن بە بەرپرسیارێتی .

١٩- **بە ئافرەتان ئەڵێم : زۆر داوای دلیڤەری مەکە لە دەرەوە** با مێردەکەت بزانێت کە ئەزانی خواردن دروست بکەیت و مەتبەخی بۆ ئەبەیت بەڕێوە ، ئەمەش پێویستی بە بەرپرسیارێتی و فێربوونە .

٢٠- **بە پیاوانیش ئەڵێم : گرنگی بە خێزانەکەت بدە ، وە ستایشی جوانییەکەی بکە** و سوپاسی بکە لە پای پاکڕاگرتنی ماڵەکەی ، توند و زبر مەبە لەگەڵی ، ئەو ئافرەتە ، ئافرەتیش حەزی لە نەرم و نییانی و سۆز و گرنگی پێدانە ، وە لێزانانە دڵ و دەروونی لەبەرچاو بگرە.

**جا کە خێزانەکەت لە ساڵی یەکەمتاندا بینی** بەبەزەیی و نەرم و نییان و بەسۆزی ئەوا زۆر خۆشی ئەوێی ، وە هەست ئەکات کە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ تۆ باشترین بڕیاری ژیانی بووە .

داواکارین لە خوای گەورە ژیانی گشت پیاوان و ژنان پڕ بکات لە بەختەوەری و خۆشەویستی و بەزەیی و سۆز و گیانی هاوکاری و سەرکەوتن .

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

ba8.org walamakan.com